الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK

---

# فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەبەرامبەر سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەراندا نوینەرانی هۆم ئۆفیس دەخاتە ژیر گوشارەوە

ئەمرۆ لەسەرداوای هۆم ئۆفیس كۆبوونەوەیەك لە گەل نۆینەرانی رێكخراوە عیراقی یەكان و كوردیەكان لەشاری لەندەن ئەنجام درا. مەبەست لەم كۆبوونەوەیە قسەو باس كردن بوو لەسەر پرۆژەی بەناو گیرانەوەی ئارەزوو مەندانەی پەنابەرانی كورد كە ماوەی دوو ساڵە بەدوای رووخانی رژیمی بەعس، حكومەتی بەریتانیا وەك سیاسەتیك لەبەرامبەر پەنابەراندا گرتۆیەتی‌یەبەر.

سەرەتا قسەكەری رەسمی هۆم ئۆفیس، سیاسەتی حكومەتەكەی تونی بلیری لە پەیوەند بە بارودۆخی سیاسی عیراق تاوتۆكرد، پاشان قسەكەری دەزگای كاروباری گەشەپێدانی نیو دەولەتی باسی لە سەرف كردنی چەندین ملیون دولارەكرد كە گوایە لەپێناو ئاوەدان كردنەوەی عیراقدا خەرجیان كردوە، بەدوای ئەویشدا نۆینەری (UNHCR) پیداگری لەوەكرد كە هیچ پەنابەرێ نابێ بەزۆر بگیردریتەوە بۆ عیراق و عیراق نائەمنە.

پاشان دەرگا كرایەوە بۆ قسەو باس و مداخەلەی بەشداربووان، (نادیە محمود) لەرێكخراوی سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەكانی ژنان، (هۆزان محمود) لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی تەواوی ئەو ئیدعایانەیان بەر پەرچ دایەوە كە نوینەرانی هۆم ئۆفیس لەسەر پرۆسەی دیمكراتی لەعیراقدا باسیان لێوەكرد وئاماژەیان بەوبارودۆخە كرد كە داگیركاری وشەر تیرۆر بەدوای خۆیدا هیناویەتی. باوردۆخێك كەتا ئەوپەری نائەمنە و حكومەتێكی ناشەرعی وداسەپاو، لەسەر ئەساسی دابەش كردنی قەوم عەشیرەتی هیناوەتە ئاراوە وبریاریشە دەستوریكی قەومی فاشی _ ئیسلامی بكریتە پیوانەیەك بۆماف و ئازادی‌یەكانی خەڵكی عیراق .

لەبەشێكی تری قسەكاندا نوینەرانی هۆم ئۆفیس چوونە سەرباسی گیرانەوەی ئارەزوومەندانەی پەنابەران و مەسەلەی یاسای ژمارە **4** ولەمبارەشەوە رایان گەیاند كەهیچ پەنابەرێك بەزۆر نانێرنەوە.. لەبەرامبەر ئەم بەشە لەقسەكانی نوینەرانی هۆم ئۆفیسدا، (سەوسەن سەلیم) بەرپرسی رێكخراوی ژنانی پەنابەرانی كورد لەبەریتانیاو (دەشتی جەمال) بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بەناوی **2000** ئیمزای پەنابەرانی كوردەوە لەبەریتانیا، وهاوكات( ئارام حمەسەعید) بەرپرسی فیدراسیۆن پەنابەرانی عیراقی لەشاری لیستەر،(شەپۆل) بەنۆینەرایەتی پەنابەرانی شاری وەلڤیرهامتن لەم كۆبوونەوەیەدا بەدریژی كەوتنە قسەو هەموو ئەو ئیدعایانەیان بەدرۆخستنەوە كە نوینەرانی هۆم ئۆفیس بۆ تەبیری سیاسەتی بەزۆرناردنەوە كردیان. لەم بارەشەوە قسەكان ئاماژەبوون بۆئەوەی كەئەم پرۆژەیەی وەزارەتی ناوخۆ لەبەرامبەر پەنابەراندا، ناتوانێ بەئارزوومەندانە ناوببرێ، بەڵكۆ ئەمە هەولێكی ترە لەسیاسەتی دژ ئینسانی حكومەتی بەریتانیا بۆ ناچار كردنی پەنابەران بە هەڵبژاردنی گەرانەوە، ئەوەتا بەپێی ئەم پرۆژەیە كەناونراوە "گەرانەوەی ئارەزوومەندانە" هەرەشەی برینی خزمەتگوزاری و لێ سەندنەوەی خانووبەرە لەپەنابەران دەكرێ، ئەگەر پەنابەران فۆرمی ناردنەوە ئیمزا نەكەن، لەكاتی چوون بۆ ئیمزاكردن دەگیرین و راپیچی گرتووخانە دەست بەسەرەكان دەكرین ولەپاڵ تاوان باراندا رایان دەگرن، لەكاتێكدا ئەم سیاسەتە پێچەوانەیە بە بریار نامەی كۆنفیدراسیۆنی جینفی**1951**. ئەمە تاونێكی بێ پەردەیە دژ بەهەقی ئینسان و ماڤی نیشتەجێ بوون، داواكرا دەولەتی بەریتانیا دەبێ دەست بەجێ دەست لەم سیاسەتە هەڵگرێ ..پاشان لەسەر وەزعیتی سیاسی عیراق وكوردستان ئاماژە بەباری نائەمنی و ژن كوشتن و تەقەكردن لەخۆپشاندەرانی كەلارو خۆپشاندانە جەماوەریەكان و (قوتابیان ،مامۆستایان،سایەق تەكسی‌یەكان) و گرتنی بەرپرسی فیدراسیۆن و كوشتنی هەڵسوراوانی

سیاسی و داخستنی بارەگای ئەحزابی سیاسی چەپ وریکخراوەکانی ژنان و منداڵان و کوشتنی هەڵسوراوانی سیاسی کرا و دەیان بەلگە خرایە روو کە کوردستان ئەمن نی‌یە وبەم جۆرەش سەرنجی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە راکیشرا.

هاوکات لەسەر هەقی پەنابەری داوای دەست بەجێی ماف پەنابەری بۆ پەنابەرانی کوردی عیراقی کرا، وئازاد کردنی گیراوەکان لەگرتووخانەی دەست بەسەرەکان دا، وەبە نوێنەرانی دەولەت راگەیەنرا کەئەگەر دەست لەسیاسەتی دیپۆرتی بەزۆری پەنابەران و لیسەندنەوەی خزمەتگوزاری‌یەکان نەکیشنەوە ئەوا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی رێگای شکایەت و راکیشانە دادگا هۆم ئۆفیس دەگریتە بەر.

سەر ئەنجام لەم کۆبوونەوەیەدا قسەو باسەکانی ئەو رێکخراوانەی ناویان هاتووە نوێنەرانی هۆم ئۆفیسی خستە ژیر فشاری خۆیەوە و ئەوانی ناچار کرد بەوەی کە ئەم هەوالانە وئەم قسانە بەگۆی دەولەتەکەیان بگەیەنن. هاوکات رایان گەیاند هیچ پەنابەرێك بەزۆر نانیرنەوەو لەداهاتووشدا کۆبوونەوەی لەم جۆرە بۆ چارەسەری کیشەکانی پەنابەران سازدەدەن.

ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە جاریکی‌تر راستی ودروستی لیکدانەوەکانی فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی و خەباتیك بۆ گیرانەوەی مافی پەنابەران دەسەلمینیٚ. ئەوە دەسەلمینیٚ کە فیدراسیۆن تەنها ریکخراوی پەیگیر وتیکۆشەری بزوتنەوەی بەسەرنجام گەیاندنی خواستەکانی پەنابەرانە و سەنگەریکە بۆ ناچارکردنی دەولەت و دەست هەلگرتنی لەسیاسەتە دژی ئینسانی‌یەکانی لەبەرامبەر پەنابەرانی کورد و عیراقی‌دا.. ئیمە لەم مەیدانەدا ئامادەین و بەتەواوی توانامانەوە تیدەکۆشین.

سەرکەویٚ خەباتی یەکگرتووی پەنابەران

**سەرکەویٚ خەباتی پەنابەران بۆ بەدەستهینانی مافەئینسانی یە کان**

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بەریتانیا**

**2005-9-28**

---

www.federasion.org